# قەڵەمی بەرباخەڵی قەیرە کچی (با)

حەمە ئەحمەد جاف

قەڵەمی بەرباخەڵی قەیرەکچی (با)
کتێبێک لەجوانی جارانی سروشت و
شنەی شیعری شاخ و
ڕۆمانی شاری خەونەکانی باران دەنووسێتەوە
کتێبی خەونێک..
بە حینجە خوێندنەوەی عومرێکی ڕابوردوو
بە ئەلفبای (باڵدار) دەسپێرێ
لێرەوە
شەمێ لە شەبەنگی هەتاو
سپێدەیەک لەسروە و
گەواڵەیەک لە باران
لوێچێ لە گەردی کازیوەی کەوکەبی کەونی مەرگ و
فرمێسکێ لە هەواری چۆڵی نیشتیمانێکی سەفەری
بەسەر باڵای قژڕەشماڵی،
قەیرە کچی (با) دا دادەکاو
سێبەر لە خۆیدا هەڵدەوێژنێ
سێبەری مەرگێکی ڕەشەسەمەر!

***

ئەوشۆ (با)
لە شایی برووسکە و باران دەگەڕێتەوەو
دەستی سەرچۆپی دەداتە دەست گزنگی نێرگز و
بسکی زەردی شاجوانی ڕەشماڵی هەواران
لە کانی چاوانی بەر چەمی بەرماڵان شانەدەکا
ئەوشۆ (با)... لێرەوە
سیمای تەڵخ و..
تەمتومانی سیسرکەکانی سپێدەی بەر لە نەسیم و
لکی جامانەی شاخ و
ڕیشووە گیسووی چلوورە ی
بەرئەشکەوت و سوێبانە ڕزیوەکانی،
خانووە قوڕەکانی شار
دەداتە بەر شریخەی قامچی برووسکە
لەوێ...
مووی لاملی ئەسپی دوڵدوڵ و
لێرەش...



بسکی پەرچەم و
پرچی ڕەشماڵی ئایشە و فاتمە
لە چاوی کانیلەی
هەریمی ڕەنگاوڕەنگی پەلکەزێرینە و
جێژوانی ئەو دەهۆنێتەوە
لەوێ...
لە سەحەری سەفەری قەیرە کچی (با) دا
گۆمی بێدەنگی سروشت دەشڵەقێ و
کوێرەکانی تینوو
گیرفانی گریاو
تەوێڵی نان و دڵی برسی
سەمای قەرسیلی زەردهەڵگەڕاوی بەهار
ڕووەو مێزی خەزان دەخزێ
لێرەش...
کۆچی ئێوارەی زەردەپەڕی سروشت و...
شەیپووری شارای شەپۆلی شاری شەوی یەڵدا
باوەش بە تارمایی،
ڕەشانگی لاجانگی ڕنووە بەفرو
قاقای تاری تەنیایی ترسی شەوەزەنگ و
ئەشکی ڕەزو
پێی شکستی قڵیشبردووی ڕەوەزو
ڕژانی ئەستێرەو
پڕمینی ترووسکەی ڕۆشنایی،
فتیلەی بەرهەیوانی شەوانی تەنیایی دێ و
پرمەی ئەسپی سپی هەور و
ماینە کوێتی (با)دا دەکەن و
مەلۆتکەی خەمی ئەو نیشتیمانە
لە بێشکەی شڕی شەوی شار و
بەرپێی شەکەتی هەنگاوی شاخ و
ماڵی زریان و ڕەشەبادا دەخەوێنن!

***

ئەوشۆ (با)
پێنج پەنجە چرنووکییەکانی (زریان)
پریسکەی نهێنی گرێچەدراوی مەرگ و ژیان
لە زەمەنی ئاوێنە شکاوەکانی پەنجەرەی
گەڕەکە شەعبییەکانی
عومری تاریخەوە دەترازێنێ و
باوەشێ زەردە خەم
کۆشێ کەسەری کەسک و
گۆلێ ئەشکی نیللی
گەمە لەگەڵ سیوادی سپی سەحەر و
ئێوارە ئەرخەوانییەکانی بەرمەچکۆ و
وڵاتی زەردەپەڕی کچی (با) و
شێرە بەفرینە سپییەکانی شەعبی سلێمانیدا دەکا و
بە جورئەتەوە
لە شا وەرزی ڕەنگەکان و
مەملەکەتێکی دەمامککراوی مێژوو ڕادەمێنێ و
دەبێتە بەحرێ لە ئەسرین و
کەنارێک لە تووڕەیی
دوێنێ جووتێ پێڵاوی لاستیکی بۆگەن و
پێ قڵیشاوەکانی شاخ و
کۆڵانە بێ ترووسکەکانی شار و
ڕێچکەی شەکەتی شەوڕۆ
ئەوڕۆ.. وەنەوشە و
فەرشێکی سوورباوی گوڵ گوڵی ڕاخراو
لەبەر پێی قاقایەک لە زوڵم و
تەمەنێک لە زەردەخەنە
هەر دوێنێ تۆ..
مێژوویەک لە خوێن
کتێبێک لە داستان و قارەمانیەتی و
مەدالیایەک لە هەڵوێستی نەتەوەیی و
چرایەک لە ڕۆشناییت،
دایە دەست مێژوو
بەژنی مێژووی
کاڵایەکی ڕەنگ و ڕواژا پڕ لەگیرفان
ئەوڕۆش
بە قودرەتی قادر
باڵای بڵندی شاخ و
جەستەی شەکەتی شەوڕۆ
لە بەردەم مێزێکی پرسگەی شار و
مەسئولێکی بێ سەواد و
کۆنە... دا بە چۆکا دێ و..
داوای بیست ساڵ خزمەتی پێشمەرگایەتی و
خوێنی ڕژاوی براشەهیدەکەی دەکا و
ئەفسووس وەڵام نادرێتەوە!
ئەوەش قەدەری قین و
زەوقی زەمەنی قێزەون و
بەراوەژووی بە ژنی قەزەمی مێژووە

مێژووی نیشتیمانێک لە ڕەنگ و دەنگ
ئەو مێژووەی
لە نیگای تەڵخی قاقای قەیرە کچی (با) و
باڵی شکاوی شکۆفەی ئەشکا
سروودی مەرگی وەرزی ڕەنگەکان
لەگەڵ کۆرسی یاران و
ئاوازی نمەی نەرمی بارانا دەڵێنەوە
کۆرسی گۆرانی گریان و
لایلایەی فرمێسکی شەو
ئەوشۆ...قەڵەمی بەرباخەڵی باڵی (با)
لاپەڕەیەک لە تەوێڵی سپی سروشت و
دەنگی ترپەی دڵی گیرفان و
شوێن پێی هەنگاوەکانی هەور هەڵدەگرێ و
سەدای زامی سەدان ساڵەی منی برسی و
بێدەنگی شەوڕۆکانی شاخ و
سەربازە ونەکانی وڵاتێکی خاپوور
لە یادداشتی دەفتەرێکی کەلیماتی تۆز لەسەر نیشتووی
بەرباخەڵی سیتەکی (بێکەس) و
کۆتی دەستی بێرکۆتی (پەشێو)
لە دووتوێی کەژاوەی گریانی شێرکۆ و
هەنبانە بۆرینەی نێو تاقەی ژوورە قوڕینەکەی
مام هەژار و
قەڵەمە سمێڵ سپییەکەی کاروانی خەیاڵی (هێدی) و
هاواری گریان و سەدای لایلایەکەی جەزا و
جووتێ پێڵاوی جێماوی شێخ ئەنوەر و
فەرهەنگی خەمەکانی شێخ
لە هەواری شێخی چۆلی و
گڤەی گەمەی گێژەڵووکەی
ڕەشەبای سلێمانیدا تۆمار دەکا!
ئەوڕۆ ئەو...
بە لێشاوێک لە وەنەوشەی شار و
پۆستەری چاو بەئەسرینەوە
لەگەمەی جەنگی من دێتەوە و
لە چاوەڕوانی دروێنەی دەست و پەنجە قلێشاوەکانی من
و....
دروێنی گیرفانەکانی تۆدا
خەیاتەکان دێنێتە حەلوەلا
بیرمە ئەو
لێرەوە ڕۆیشت و
لێرەشەوە
بە جووتێ شەوڕۆی شڕی شاخەوە
گەڕایەوە نێو ئامێزم
ئەوێ دەمێ...دوور و نزیک
دەژیام لە سای تاسەی دووری و
بۆی هەناسەی گەرمی ئێوە و
شڵتوشۆی بەفر و کڕێوەی ساردی کۆوە
نازانم بۆ
وازوو ئێمەت لەبیر چۆوە
کزەی جەرگم
حەیف و ئەفسووس!

**کۆتایی ٢٠١٦**
**هەولێر**